
# کەینێ زمانی کوردی لەعێراقدا دەبێتە فەرمی؟



**چنار نامق**
chnarnamq@yahoo.com

✿وەک ئاشکرایە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەلایەن ئەنجوومەنی فەرمانڕەواییەوە پەسەند کرا ئەمەش هیوایەکی زیاتری بەخشیە عێراقییەکان بەگشتی و کورد بە تایبەتی خۆشحالّی و ئاسوودەیی خۆی بەرامبەر بەم یاسایە دەربڕی ئەگەر چی تەواوی خواستەکانی تێیدا بەرجەستە نەبووبوو ئەمەش پاش ئەو جەورِوستەمەی کەرژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەبەرامبەر نەتەوەکەمان ئەنجامیان دەدا، سەرەتاییترین مافی ژیانی پێی رەوا نەدەبینین ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی بنەماکانی کۆمەلّگای مەدەنی و پرانسیپەکانێتی.

داڕشتنی دەستوری کاتی عێراق و ئیمزا کردنی لە ئەنجوومەنی حوکمەوە گوڕوتین و ئاسوودەییەکی بەرچاوی خستەنێو شەقامی کوردیەوە و هیوایەکی مەزنی خستە دەروونی تاکی کوردی لەجیهاندا، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانەی ئێمەی کوردە تاکو ئەمڕۆ ئەم یاسایە پراکتیزە نەکراوەو هاوکێشەکان بەچەشنی خۆیان ماونەتەوە و کەسیش باس لەوە ناکات بۆچی تا ئێستا زمانی کوردی نەچۆتە نێو دامو دەزگاکانی حکومەتەوە ئەوەی لە دەستوردەکەدا هاتووە پۆ پیادە ناکرێت؟ ئایا کەمتەرخەمی لەکێوەیە؟ بێگومان کەمتەرخەمی ناگەڕێتەوە بۆ ئێمەی کورد چونکە یەکەمین کەس کەلە ئەنجوومەنی حوکم تێکۆشا بۆ بە فەرمی کردنی زمانی کوردی بەڕێز «مەسعود بارزانی» بوو کەلە مەراسیمی ئیمزا کردنی دەستوری کاتیدا بەکوردی پیرۆزبایی لەجەماوەری کوردستان کرد، ئەمەش بۆ خۆی بێ حیکمەت نەبوو، گەلی کورد گەلێکی مەزنە نەک کەمینە لەعێراقدا.

ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ هاتۆتە دی بە خەبات و قوربانیدان و هاوپەیمانێتی کوردەوە چەسپاوە و بەرەوپێشەوە هەنگاو دەنێت.

ئەو گەلەی خاوەن قولّترین برینی ئەنفال و کسپە و سوتانی کیمیاباران و کۆمەلّ کوژی و هەزاران گۆڕغەریبە. دەکرێت ئەرکی هاوپەیمانان جگە لەتێکۆشان بۆ بەدیموکراتیزە کردنی کۆمەلّگا و دەسەلاّتی عێراق هەلّوێست نواندن بێت بەرامبەر بەو هاوپەیمانێتییە لە رۆژە سەخت و دژوارەکاندا لەکاتی پڕۆسەی ئازادی عێراقدا ئەو دەمانەی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی بەرگری و هاوپەیمانێتیدا بوون بۆ رووخانی رژێمی فاشیزمی بەعس، ئەو دەم دەوڵەتانی دراوسێ بەهاوپەیمانەکانی خودی ئەمەریکاشەوە نەک هاوکارنەبوون بەلّکو قایل نەبوون ئاسمانیان بەرووی فڕۆکەکاندا والاّبکەن، بەڵام سەرکردایەتی کوردی بەهەلّوێست و گیانێکی لە خۆبوردوانەوە کۆششی کرد بۆسەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە کە خۆی لەئازادکردنی هەموو عێراقدا دەبینیەوە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بۆیە ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین پێ لەسەر داواکاریەکانمان داگرین و جەخت بکەین بۆ ئەوەی ئەم یاسایە ببێتە بنەمایەک بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق ئەگەرچی ئەم یاسایە لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەهیچ جۆرێک ئاماژەی پێنەکرا بەڵام پاش نیگەرانی شەقامی کوردی هەریەک لە کاربەدەستانی ئەمەریکاو بەریتانیا کوردیان لەوە دلّنیا کردەوە کە رۆلّی کارای دەبێت لەعێراقی داهاتوودا، غازی عەجیل ئەلیاوەری سەرۆک کۆمارو «ئەیاد عەلاوی» سەرۆک وەزیران پابەند بوونی خۆیان بە دەستوری کاتی عێراق دووپات کردەوە بۆ قۆناغی گواستنەوە.

لێرەدا پێویستە چینە رۆشنبیرو ئاگایانی بواری سیاسی پتر رۆلّی خۆیان دیار بکەن لە وشیار کردنەوەی جەماوەر و هاندانیان بۆ پێداگرتن لەسەر ئەو خالاّنەی پەیوەستن بە کوردەوە بە تایبەت بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە تەواوی دامودەزگاکانی دەولّەتدا.■